# لیبراڵیزم : سەرەتاکانی دەرکەوتن و گەشەکردنی

عبدالرحيم صمايل سلمی

وەرگێرانی : ئاسۆ جەمال

لیبراڵیزم دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەوە سەرانسەری ئەورووپای گرتەوە، هەروەها سرووشتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانیش وایە کە بەشێوەیەکی قۆناغبەقۆناغ و لەسەرخۆ ڕوودەدەن، هەربۆیە ناتوانین بڵێین لیبراڵیزم وەکو تیۆرێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بەرهەمی بیریارێکی دیاریکراوە، بۆیە چەندین بیریار بەشدارن لە درووستبوون و شکڵپێدانی سرووشتە تایبەتەکەیدا .

کەواتە لیبراڵیزم لیبراڵیزمی (جۆن لۆک و ڕۆسۆ نیە)، وەکچۆن بەتەنیا (جۆن ستیوارت میل)یش خاوەندارێی لێناکات، هەرچەندە یەکێکە لەو بیریارانەی کە بەشدارییەکی بەرچاو و چالاکانەی هەیە لە دیاریکردنی شێوە و تایبەتمەندییەکانیدا.

زۆرکەس هەوڵیانداوە بۆ دیاریکردنی سەرەتاکانی لیبراڵیزم لەهەندێک لە بوارەکانی دا، بۆنمونە ویکیپیدیای (لالاند)ی فەلسەفی پێی وایە: یەکەم بەکارهێنانی وەکو زاراوەیەک لەلایەن حیزبێکی ئیسپانیەوە بووە لەساڵی(١٨١٠ز) کە دەیویست لەسەر مۆدێلی ئینگلیزی داخلی کۆمەڵگای ئیسپانی ببێت .

هەروەک جۆن(د.وچاح نێر) پێی وایە: " لیبراڵیزم لە بیری سیاسیی خۆرئاوایی دا بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە "

منیر بعلبکی دەڵێت :"(liberalism) لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا وەکو فەلسەفەیەکی سیاسی دەرکەوت، و لەدوای ئەوەوە لەکات و شوێنە جیاوازەکان دا شێوە و شکڵی جۆراوجۆری وەرگرت".

ئەوەشی لە مێژووی لیبراڵیزمدا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە وەکو پەرچەکردارێکە بۆ پاوانخوازی کەنیسە و دەرەبەگەکان لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە هۆکار بوون بۆ ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکانی خەڵک، بەتایبەت چینی ناوەند، وە داواکردنی ئازادی و برایەتی و یەکسانی، و ئەمەش بەڕوونی لە شۆڕشی فەرەنسیدا دەرکەوت.

لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت لیبراڵیزم بەم شێوەیەی ئێستای لەگەڵ (ڕێنیسانس) دادەرکەوت و دواتر وردەوردە گەشەدەکات تا دەگاتە ئەمڕۆ، هەرچەندە زۆرێک لە لێکۆڵەران دەیانەوێت ڕەگ و ڕیشەی لیبراڵیزم ببەنەوە بۆ دیموکراسیی یۆنانی (پێنج سەدە پێش زایین)، دواتر ڕەواقییەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەرکەوتنی مەسیحییەت و پاشان بزووتنەوەی چاکسازیی پرۆتستانتەکان .

(مونیر بەعلەبەکی) پێی وایە: بزووتنەوەی چاکسازیی ئاینی (پرۆتستانت) تەوەجوهێکی لیبرالّی هەبوو، هەروەک چۆن زاراوەی لیبرالّبوون بۆ ئەو بزووتنەوە پرۆتستانتیانە بەکاردەبرێت کە داوای ئازادیی عەقلّ دەکەن.

علی عبدالرزاق زبیدی دەلّێت :"قورسە مێژوویەک بۆ لیبرالّیزم دەستنیشانبکرێت چونکە سەرەتاکانی ڕۆچوون بەقولآیی مێژوودا، بەلآم (جۆن لۆک) یەکەم فەیلەسوفی سیاسیی لیبرالّییە.

**گەشەکردنی لیبرالّیزم:**

لیبرالیزم بەپێی کات و شوێن فۆرمی جۆراوجۆری وەرگرتووە، مانا و دەلالەتی جیاوازی گەیاندووە، بەلآم بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو فۆرم وکاتە جیاوازەکان دا تەئکیدکردنەوە بووە لە (ئازادی –ئازادیی تاک و دەستوەرنەدان لە ژیانی دا)، و لێرەشەوە دەکرێت ئاماژە بە دوو قۆناغی گرنگ بکەین تیایدا.

قۆناغی یەکه م:

لیبرالّیزمی کلاسیک: (جۆن لۆک) لە دیارترین فەیلەسوفە لیبرالّییە کلاسیکەکان ئەژماردەکرێت، ئەمەش لە کتێبی (پەیمانی کۆمەلآیەتی)دا دەردەکەوێت سەبارەت بە دنیابینیی ئەو بۆ (دەولّەت) کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا هەلّتەکاندنی بیردۆزەی (مافی خودایی- الحق الالهی) بوو کە کەنیسە پشتیوانیی لێدەکرد، (لۆک) بەوە لە فەیلەسوفەکانی تری (پەیمانی کۆمەلآیەتی) جیادەکرێتەوە کە پێی وایە دەسەلآت و حکومەت وابەستەیە بە ڕەزامەندیی تاکەکانی کۆمەلّگاوە، تاکەکان دەتوانن ڕەوایەتی لە حکومەت وەربگرنەوە، بەمەش لیبرالّیزم تەرکیزدەکاتە سەر ئازادبوون لە دەستێوەردانی دەولّەت لە کاروباری تاکەکان، ئیدی چ لە کاروکردەوەی شەخسیدابێت، یان مافە سرووشتییەکانیدا بێت یان چالاکییە ئابوورییەکانی بێت لەژێر بنەما بەناوبانگەکەی (لێیگەڕێ با کاربکات)دا.

(ئادەم سمیس) گەورەزانای بواری ئابووریی لیبرالّی، هات و ئەو بۆچوونەی تۆخکردەوە کە (ئازادیی ڕەها لە سەروەت و سامان بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی دەولّەت)، و لێرەشەوە دیموکراسیی سەرمایەداری خۆی فۆرمەلەدەکات و ئیلهامی خۆی لە لیبرالّیزمەوە وەردەگرێت، بەپشتبەستن بە یەکێک لە شیعارەکانی شۆڕشی فەرەنسی کە دەلّێت (لێیگەڕێ با کاربکات) وەک ئاماژەیەک بۆ (ئازادیی ئابوری)، (لێیگەڕێ با بڕوات) وەک ئاماژەیەک بۆ (ئازادیی سیاسی ).

قۆناغی دووەم:

**لیبرالّیزمی هاوچەرخ:** لیبرالّیزم لەسەدەی بیست دا گۆڕانی بەسەرداهات لەڕووی پاش و پێشخستن و گرنگیدان بە چەمکێک زیاتر لە چەمکێکی تر، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، زۆربەی لیبرالّخوازەکان زیاتر گرنگی و فۆکەسیان لەسەر مەرجەکانی ئازادی و هەلی یەکسان بوو زیاتر لە هەر مەرجێکی تر، ئەمەش بەوە کۆتاییهات کە تەنها لەوەدا پشتگیری لە(دەستێوەردانی دەولّەت دەکەن) کە لەبەرژەوەندیی تاک و خۆسەلماندنی تواناکانی و دلّنیایی ئابوری وکەمکردنەوەی ئازارەکانیان بێت.

ئەم بەرنامەیەش خۆی دەبینێتەوە لە (ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری – یاساکانی لانی کەمی کرێ –یارمەتیدانی بەسالآچووان–بیمەی تەندرووستی)، لیبرالّە هاوچەرخەکان گرنگیدانی یەکەمیان بۆ ئازادی تاکە، و سورن لەسەر

ئەوەی کە پێویستە حکومەت هەموو ئەو بەربەستانە وەلاوەبنێت کە ڕێگری درووستدەکەن لەبەردەم مومارسەی ئەو ئازادییانەدا. ئەمڕۆ ئەوانەی کە لایەنگری شێوازە (کلاسیکییەکەی) لیبراڵیزمن بە (پارێزکاران/کۆنەپارێزان-المحافظون) ناودەبرێن، و دەبینین گرنگترین خاڵی جیاواز لەنێوان هەردوو تایپەکەی (لیبراڵیزم)دا بریتییە لە مەودای دەستێوەردانی دەوڵەت لە ڕێکخستنی ئازادییەکاندا، لە شێوە کلاسیکەکەی لیبراڵیدا دەوڵەت هیچ تەداخولێکی نیە لە سنوردارکردنی ئازادییەکاندا بەڵکو تەنیا دەیپارێزێت؛ بەڵام لە لیبراڵیزمی هاوچەرخدا دەوڵەت(لە بەرژەوەندیی تاک دەستێوەردانەدەکات) بۆ ڕێکخستنی ئازادییەکان و لابردنی ئەو ڕێگرییانەی کە ئاستەنگ درووستدەکەن لە بەردەم تاک دا و ناهێڵن چێژ لە ئازادییەکانی وەرگرێت.

ئەمەش خاڵێکی جەوهەرییە کە پێمان دەڵێت لیبراڵیزم جیاوازە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر، هەروەها لە فەیلەسوفێکەوە بۆ فەیلەسوفێکی تریش، لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تریش، ئەمەش وای لێدەکات کە تێگەیشتن لێی ئاسان نەبێت هەروەک پێشتر باسمان کرد. لیبراڵیزم لە داهاتووشدا گۆڕانی تر بەخۆیەوە دەبینێت، و گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەی لێی چاوەڕواندەکرێت گەشەکردنیەتی بەرەو(بەجیهانیبوونی)، کە ئەمەش گۆڕانکارییەکی زۆر ترسناکە، کەدواتر باسی دەکەین .

بوارەکانی لیبراڵیزم:

بوارەکانی لیبراڵیزم جۆراوجۆرن بەپێی چالاکیەکانی مرۆڤ، لەبەرئەوە لیبراڵیزم چەمکێکی گشتگیرە و پەیوەستە بە ئیرادەی مرۆڤ و ئازادییەکانیەوە، بۆ بەدیهاتنی ئەم ئیرادەیەی هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ دەشێت جۆرێک لە لیبراڵیزم لەخۆبگرێت.

" لیبراڵیزم لای وایە کە ئازادی ئەسڵی مرۆڤایەتییە و لە قووڵایی مێژووەوە سەرچاوەی گرتووە، و باشترین دەرمانی هەموو کەموکوڕی و ناڕەحەتی و کەمایەسیەکانێتی، و گرنگترینی ئەم بوارانەش بواری سیاسی و ئابورییە.

یەکەم ، لیبراڵیزمی سیاسی:

لە ویکیپیدیای (لالاند) بۆ فەلسەفەدا هاتووە:"لیبراڵیزم مەزهەبێکە کە وای دەبینێت تا دەتوانرێت دەبێت دەسەڵاتی یاسادان و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆبن لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، و ئەوپەڕی گەرەنتیی مافی هاولاتیان بکرێت لەبەرامبەر دەسەڵات دا".

هەروەک (منیر بعلبکی)دەڵێت :"لیبراڵیزم ئەو فەلسەفە سیاسییەیە کە لە ئەوروپا و لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت. ئەویش دژی دامەزراوە سیاسی و ئاینییەکانی ئەوکات کە سنوریان بۆ ئازادییەکانی تاک دادەنا و کۆتیان دەکرد. هەروەها لیبراڵیزم مرۆڤ بە بوونەوەرێکی چاکەخواز و ئاقڵ دادەنێت، و داوادەکات کە مافی ڕادەربڕین و بواری یەکسانی بۆ بڕەخسێت.

ئەو دیموکراسیەتەی کە لە سیستەمە لیبراڵەکاندا کاردەکات بۆ بەدیهاتنی مافەکانی تاک جۆرێکە لە پراکتیزەکردنی زانستیانەی لیبراڵیزم، هەروەک دکتۆر (حازم بیلاوی) دەڵێت:"خاڵی سەرەتا لە بیری لیبراڵیزم دا تەنیا داواکردنی دیموکراسیەت نیە بەمانای بەشداریی ڕاستەخۆی خەڵک لە دەسەڵاتدا، بەڵکو خاڵی سەرەتا ئەوەیە کە بیرێکی تاکگەرا و فەردانییە کە وای دەبینێت کۆمەڵگا بریتییە لە کۆمەڵێک تاک کە هەرکەس بۆ ئەوە کاردەکات خۆی بسەلمێنێت و ئامانجە تایبەتییەکانی بەدی بێنێت".

دیموکراسیەت وەکو سیستەمێکی سیاسی کۆمەڵێک( ئازادیی بەخشیوە) بۆنمونە: ئازادی خۆکاندیدکردن، ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕینی بیروڕا، ئازادی لە دەربڕینی نارەزایەتی، هەروەک کۆمەڵێک (گەرەنتیشی)داوە کە رێگرن لە دەستدرێژی بۆسەر تاک و ئازادییەکانی، وەک: گەرەنتیکردنی بێتاوانیی تۆمەتبار تا ئەوکاتەی تاوانەکەی بەسەردا ساغدەبێتەوە، گەرەنتیکردنی لێکۆڵینەوەی بێلایەنانە، گەرەنتیکردنی جێبەجێکردنی سزا بەبێ زیادوکەم، مافی بەرگری لەخۆکردن.

ئەو شۆڕشانەی کە لەژێر کاریگەریی بیری لیبراڵدا روویاندا هۆکاربوون بۆ درووستبوونی جۆرێک لە حکومەت کە پشت بەدەستورێک دەبەستن کە جەماوەرەکەیان رەزامەندییان لەسەرداوە، و قبوڵکردنی چەندین بەڵگەنامە سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ لە بوارەکانی ئازادیی بیروڕا و رۆژنامەوانی و ئازادیی ئاین، و هەروەها هەوڵێکیش بوو بۆ رێگریکردن لەخراپبەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن پۆلیس و دادگاکانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لیبراڵیزم داوای ئازادیی زیاتر لە سیستەمە دیموکراسییەکان دەکات، و داوای کەمکردنەوەی سانسۆرەکانی حکومەت دەکات تا تاک بتوانێت باشتر مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی بکات. هەروەک (هێربەرت سبنسەر) دەڵێت: "پێویستە کاری دەوڵەت تەنها لە پۆلیس و دادگاکان و بەرگری لەدژی مەترسیی دەرەکیدا چڕبکرێتەوە و هیچی تر".

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەپێی سیستەمی لیبراڵیزم کاری دەوڵەت تەنها پاراستنی کۆمەڵگایە بە شێوەیەکی گشتی، ئەمە بیروباوەری لیبراڵییە کلاسیکیەکان بوو، کە ئێستا لە لیبراڵیزمی هاوچەرخدا(نیولیبرالیزم) بوونی نەماوە چونکە نیولیبراڵەکان تەرکیزیان لەسەر دەوڵەتە بۆ گەیشتن بە ئازادییەکانی تاک؛ لەکاتێکدا لە لیبراڵیزمی کلاسیکدا دەوڵەت بێلایەن بوو ئەگەر دەرەنجامەکە هەرچۆنێک بوایە لەسەرتاک .

لیبراڵە کلاسیکەکان لەگەڵ (دیموکراسیخوازەکانیشدا) لەوەدا جیاوازبوون کە ئایا کێ مافی یاسادانانی گشتیی هەیە، چونکە هەرچی (دیموکراسیخوازەکان)ـە پێیانوابوو کە زۆرینە مافی دانانی یاسا و بڕیاردان و گرتنەدەستی دەسەڵاتی هەیە، بەڵام لیبراڵەکان تەنها گرنگییان بە (پاراستنی تاک) دەدا لەبەرامبەر نارەحەتییەکاندا، لەکاتێکدا ئەوە کاری بێ چەندوچونی قانون بوو کەبەناوی زۆرینەوە یاسای توندی بەسەر هەمووان دا دەسەپاند، ئەمەش خاڵی ناکۆک و دژی نێوانیان بوو.

بەڵام لیبراڵیزم لە واقیعی ئێستای هاوچەرخدا تەواو گۆڕاوە لەچاو رابردوودا، لێرەوە دەتوانین روانگەی (لیبرالیزمی نوێ-نیولیبرالیزم) و جیاوازیەکانیان بزانین بەراورد بە روانگەی کۆنیان و هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە ریشەییە و پاساوەکانیشیان.

لیبراڵە نوێیەکان پێیانوایە: "کە (لیبراڵیزمی تەقلیدی-کلاسیک) ناتوانێت هاوشانی ئەو گۆڕانکارییە گەورانە رێبکات کەجیهان بەخۆیەوە بینیوە کە ئەمەش هۆکاری لەدایکبوونی لیبراڵیزمی نوێیە و بەمەش لیبراڵیەتی نوێ خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا و جیهانی نوێدا دەگونجێنێت، کە ئەویش لیبراڵیەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانییە.

جیاوازیەکانیشیان لەمەڕ پەیوەندییەکانیان بە سیاسەتەوە ئەمانەیە:

رۆڵی دەوڵەت لای روانگەی نوێی (نیولیبراڵیەکان) گەورەترە، دەڵەت رۆڵی نچینەیی هەیە سەبارەت بە دیاریکردنی چوارچێوەی یاسایی دامەزراوە ئابورییەکان، و بەشێوەیەکی گشتی بیریارە (نیولیبراڵەکان) ئەم خاڵانەیان دیاریکردووە بۆ ئەورۆڵەی کەپێویستە دەوڵەت پێی هەستێت:

١. دەوڵەت هەموو هەوڵی خۆی بەکاردەخات دژی هەڵاوسان و داشکاندنەوە لەکایەی ئابوری‌دا.

٢. سنوردانان بەشێوەیەکی ناوەندی بۆ قۆرخکاری .

٣. تەنها ڕێگا بەو جۆرە لە قۆرخکاری دەدات کە ناکرێت بدرێتە کەرتی تایبەت.

٤. لەئەستۆگرتنی خزمەتگوزاریی گشتی.

٥. دابەشکردنی دەرفەت و داهات بەیەکسانی.

٦.جێبەجێکردنی (پلانی کارتێکەر) لەپێناوی کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانەی کە ڕەنگە ڕوودەن.

٧. جێبەجێکردنی پلانی ناوەندی، کاتێک پێویست بێت بۆ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی.

٨. دەستێوەردان لەو کاتەوەی کە هەڵەیەکی (میکانیکی) لەبازاڕدا درووستدەبێت .

دووەم، لیبرالیزمی ئابوری:

"ڕێبازێکی ئابورییە کەپێی وایە نابێت دەوڵەت وەزیفەی ئابوری ڕاپەڕێنێت، هەروەک ناکرێت دەوڵەت وەزیفەی بازرگانیی هەبێت و دەستوەربداتە پەیوەندیی ئابوریی نێوان تاک و چینەکان لەلایەک و، نێوان نەتەوەکان لە لایەکی ترەوە، بەمەش دەوترێت لیبراڵیزمی ئابوری".

هەروەک تێبینی دەکرێت ئەم پێناسەیە بەسەر "لیبراڵیزمی کلاسیک"یشدا جێبەجێ دەبێت، پێش ئەوەی گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردابێت لە( نیولیبراڵیزم)دا.

وەک (بعلبکی) دەڵێت :"لیبراڵیزم بەو سیاسەتە ئابورییە دەوترێت کە لە سەدەی نۆزدەدا گەشەیکرد لەژێر ڕۆشنایی بیروباوەڕەکانی (ئادەم سمیس)دا، کە جەختی لەسەر ئازادیی بازرگانی و ئازادیی کێبەرکێ دەکردەوە، و دژی دەستێوەردانی دەوڵەت بوو لە کایەی ئابوری‌دا".

لیبراڵیزمی ئابوری و سیاسی زۆر بەتوندی پێکەوە گرێدراون! لیبراڵەکان پێیان وایە ئەو حکومەتەی کە کەمترین دەستێوەردانی هەیە باشترینە، و هەروەها پێشیانوایە ئابوری خۆی خۆی ڕێکدەخات، ئەگەر دەستێوەردانی تێدا نەکرێت و ئازادبێت، ئەوا ڕێوشوێنەکانی حکومەت هیچکات پێویست نین.

دیارترین سیستەمی ئابوریی لیبراڵی بریتییە لە "سیستەمی سەرمایەداری" کە لەسەر بیروڕاکانی ئابوریناسی سکۆتلەندی (ئادەم سمیس) و کتێبە ناودارەکەی (سامانی گەلان )خۆی بیناکردووە، و ئازادیی هاتوچۆی پارەوجموجوڵی بازرگانی کە لیبراڵیزم داوایدەکات، و ئازادیی کارکردن و ئازادیی بەستنی گرێبەستی بازرگانی، ئازادیی ئەنجامدانی هەر پیشە و چالاکییەکی ئابوری بەپشت بەستن بە یەکێک لە درووشمە بەناوبانگەکانی شۆڕشی فەرەنسی ( لێی‌گەڕێ با کاربکات، لێی گەڕێ با بڕوات).

ئەوەی کە حوکمی یاساکانی ئابوری دەکات لەم سیستەمەدا تەنیا (خواست و خستنەڕووە) بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی حکومی یان دەستێوەردانی (سەندیکاکانی کرێکاران). کرێکار ئازادە لەوەی کاربکات یان کار جێبهێڵێت، هەروەک خاوەنکاریش ئازادە لەوەی چەند کرێکاری دەوێت بەکرێی بگرێت بەو کرێیەی کە خۆی دەیەوێت!

بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد چەمکی لیبراڵ زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لیبراڵیزمی نوێ لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بەهۆی ئەو داڕووخانە ئابوری و وێرانکارییەی بەهۆی جەنگ لەلایەک و، چڕبوونەوەی

سەرمایە و قۆرخكاریی پیشەسازییە گەورەكان لەدەستی چەند كەس و گرووپێكی كەمدا و رووخانی یاسای ئاڵوگۆڕی دراو بە زێڕو (شۆڕشی كرێكاران ) لەئەڵمانیا، ئەمە وایكرد حكومەتەكان دەستێوەردان بكەن بەمەبەستی بوژانەوەی ئابوری. ئایدۆلۆژیای لیبراڵیزمیش گۆڕانی بەسەرداهات بەوەی كە گرنگە حكومەت دەستوەربداتە بازاڕ و ڕێكیبخات .

خاوەنی كتێبی (الليبراليه المتوحشه - بەربەریەتی لیبراڵیزم) چۆنیەتیی دەستێوەردانی دەوڵەت بەمەبەستی بوژانەوەی ئابوری و چاككردنی بازاڕ ڕوونەدەكاتەوە و بە گرنگی دەبینێت، لێرە بەدواوە وردەوردە خۆری لیبراڵیزمی كلاسیك ئاوادەبێت. ئەو بیروبۆچوونە پوچیی خۆی سەلماند كە دەیوت " بازاڕ خۆی خۆی ڕێكدەخات"، بەمەش بووە هۆی دەركەوتنی لیبراڵیزمی نوێ بەخێرایی، هەرچەند(نیولیبراڵیزم)یش كێشەكانی چارەسەرنەكرد و بگرە بەهەمان شێوە گەشەی ئابوری پاشەكشەیكرد؛ ڕێژەی بێكاری لە هەڵكشانی بەردەوامدا بوو، ڕێژەی بەرهەمهێنانیش نزمترین ئاستی تۆماركرد .

ڕەنگە گرنگترین بەرەوپێشچوونی لیبراڵیزمی هاوچەرخ بریتی بێت لە "لیبراڵیزمی جیهانگیری" كە لە گرنگترین دەلالەتە فیكرییەكانی گەڕانەوەیە بۆ "لیبراڵیزمی كلاسیك"! لە گرنگترین نیشانەكانی جیهانگیری بریتییە لە كەمكردنەوەی دەستێوەردانەكانی حكومەت لە هاتوچۆی پارە لەنێوان سنورە سیاسیبەكان دا، ئەمەش بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج.

لە ئێستادا ئابوری بووە بە هۆكارێكی سیاسیی گرنگ بۆ چەسپاندنی هەژموونی سیاسی و گواستنەوەی كەلتور و ڕۆشنبیری لەنێوان گەلاندا. لەبەر ئەوە "بەهێزترین لەبواری ئابوری دا بەهێزترینیشیانە لەكایەی سیاسیدا". بۆیەشە وڵاتانی خۆرئاوایی باوەڕی تەواویان بەو فەلسەفەیە هەیە، بەچاوی خۆیان شوێنەواری سیستەمی سەرمایەدارییان لەسەر گەلانی هەژار بەدیكردووە! كە چۆن دەتوانن لەرێگای گەمەیەكی ئابورییەوە دەوڵەتێك بخەن، ئەویتریان لاوازبكەن. و ڕەگوڕیشەی فیكریی (جیهانگیری) ئەوەیە كە چۆن سەروەری دەوڵەتەكان بەسەر سنورەكانی و هاوڵاتییەكانیدا نەهێڵن، هەروەک چۆن ناتوانێت هیچ كۆنترۆڵێكی بەسەر كایەی ئابورییەكەشیدا هەبێت.

سەرۆكی بانكی ناوەندی (ئەڵمانی)، (هانس تیتمار) لە شوباتی ١٩٩٦ دالە "یانەی ئابوریی داڤۆس "دەڵێت: زۆربەی سیاسییەكان تائێستاش نازانن كە لەئێستا بەدواوە ئەوان لەژێر چاودێریی بازاڕی دراودان. و لەژێر هەژموونی بازاڕدان. سەركردەكانی جیهان لەقۆناغی داهاتووی (جیهانگیری)دا خاوەن پارە و خاوەن دامەزراوە ئابورییە زەبەلاحەكانن نەک سیاسیەكان!

هەروەها (جیهانگیری) لەسەر تیۆر و بیردۆزەیەكی ئابوریی دامەزراوە كە كۆمەڵێک زانا و ئابوریناس و ڕاوێژكارن و ڕێنماییدەدەن بە سیاسیەكان كە باشترین پێڕۆی ئابوری بریتییە لە (نیولیبرالیزم) كە ئەویش درووشمەكەی بریتییە لە (ئەوەی دەرەنجامی سرووشتی بازاڕە ئەوا باشە–بەڵام ئەوەی دەرەنجامی دەستێوەردانی دەوڵەتە زۆر خراپە).